# پۆلیسی تورکیا ڕێگا نادات ئەو کوردانەی سەردانی باشووری کوردستانیان کردووە لە خاپوورەوە بگەڕێنەوە

**ئامادەکردنی: کاوە ئەمین**

زیاتر لە ٤٠ کوردی هاوڵاتی سویدی کە بۆ سەردانی کەسوکاریان گەڕاونەتەوە بۆ باشووری کوردستان، لەلایەن پۆلیسی سەرسنووری تورکیاوە لە خاپور ڕێگای گەرانەوەیان لێگیراوە بۆ گەرانەوە بۆ سوێد. دەوڵەتی تورکیا نایەوێت هۆی ڕێگا نەدانی ئەو کوردانە ئاشکرا بکات. بە گوێرەی هەوڵی تێکست تیڤی سویدی، بەرپرسێکی یەکیەتی ڕایگەیاندووە کە زیاتر ئەو کەسانەی کە سەردانی شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوانیان کردووە، گرفتیان بۆ دروستکراوە، پێدەچێت ئەم کردەوەییەی تورکیا وەکو تۆڵەکردنەوە لەوەی کە ١١ ئەفسەری تورکی لە سلێمانی لەلایەن ئەمریکاوە تورکەیان کرایە سەر و دەستگیراکران لە هەفتەی پێشوودا.

لە ناو ئەوانەی کە ڕێگایان لێگیراوە چەندین خێزانیش هەن کە منداڵیان لەگەڵە و لە ڕەوشێکی خراپدان، بە تایبەت بەهۆی گەرماوە. نوێنەرانی دەوڵەتی سوێد لەوانە سەفارەتخانەی سوێد لە ئەنکار دەڵێن: کە بەداخەوە ئەوان ناتوانن یارمەتیەکی پێویستی ئەو کەسانە بدەن کە لەسەر سنوور گیریان خواردووە، ئەویش گوایە بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی سوێد نوێنەرایەتیان لە باشووری کوردستاندا نییە. ئەوان لەسەری دەڕۆن دەڵێن کە ئێمە ئامۆژگاری هەموو هاوڵاتیەکی سویدی دەکەین کە سەفەر نەکەن بۆ عێراق چوونکە پەیوەندی تورکەکان و هاوپیمانان لە خراپیدایەو، بگرە خەریک بوو پێکدادنی چەکداریش لە نێوانیاندا ڕوبدات بە قسەی یان یانیوس قسەکەری وەزارەتی خاریجی سوێد.

نوێنەرانی دەوڵەتی سوێد دەڵێن ئەگەر کێشەکە چارەسەر نەکرێت ئەو دەبێت ئەو کەسانە لە ڕێگای بەسرەوە بگەرێنەوە.

ئەم کردەوەیەی تورکیا جارێکی تریش دەیسەلمێنێ کە ئەوان تا سەر ئێسقان دژایەتی کورد دەکەن و جیاوازی ناخەنە نێوان کوردێکی باکوور و باشوور بۆ ئەوان هەموو کورد چیایی و تیرۆریستن. لێردە جارێکی تر لاوازی دەسەڵاتی کوردی و بە سوک تەماشاکردنی هاوڵاتیانی کوردستان دوپات دەکرێتەوە، چونکە تورکیا بە ئاشکرا پلانی تیرۆرکردنی پارێزگاری کەرکووکی دارشتبوو، بەلآم دەسەڵاتی کوردی نەک نەهاتنە جواب بەڵکو وەکو خەبەریش بە باشی بڵاویان نەکردەوە، بەلآم ئەوەتا تورکیا هەقی خۆی لە هاوڵاتیانی کوردستان دەکاتەوە و سوکایەتیان پێ دەکات چونکەتورکیا ناتوانێت بەرانبەر ئەمریکا فزەبکەن کە تورکەیان کردە سەریان و کردنیان بە پەند.

بەڕاست کەی دەسەڵاتدانی کوردستان لە سەر هاوڵاتیانی کوردستان هەڵدەدەنی؟

www.kurdistannet.org

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نوسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.